## گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# كێشەكانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایاندا

**بێگەرد علی صادق**

بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان, كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی , زانكۆی سەڵاحەددین، پارێزگای هەولێر، هەرێمی كوردستان – عێراق

Begarda991@gmail.com

**پ.ی.د. بختيار سعيد محمود**

بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان, كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی , زانكۆی سەڵاحەددین، پارێزگای هەولێر، هەرێمی كوردستان - عێراق

bakhtear.mahmood@su.edu.krd

**زانیاریەكانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢١

پەسەندكردن: ٢٠٢٢/٩/١٣

بڵاو كردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەكییەكان**

Problems, Teaching, Educational Supervisor, Teacher, Social Sciences, History, Teaching Aids.

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.4

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانكردنی زانینی كێشەكانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایاندا. توێژەر ڕێبازی (وەسفیی شیكاری) بەكارهێناوە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكە، كۆمەڵگای توێژینەوەكە، بریتییە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی بابەتی زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە قوتابخانە بنەڕەتییەكانی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر، كە ژمارەیان بریتیی بوو لە (590) مامۆستا و (40) سەرپەرشتیار، نموونەی توێژینەوەكە بریتی بوو لە وەرگرتنی (140) مامۆستا لە گوتنەوەی وانەی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان كە بە شێوەی هەڕەمەكی هەڵمان بژاردوون، وەرگرتنی نموونەی سەرپەرشتیاران تایبەت بە بابەتە كۆمەڵایەتییەكان ئەویش بریتی بوون لە (3) سەرپەرشتیار، دواتر توێژەر دەستی كرد بە ئەنجامدانی كاری (ڕێكاری پێویست) و دابەشكردنی ئامرازی توێژینەوەكە بریتی بووله فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر مامۆستایان وسەرپەرشتیاراندا، بەبەكارهێنانی پێوەری (لیكارت)ی پێنجی ڕێكخراوە، كە پێكهاتبوو لە (6)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بواری تایبەت بە کێشەکانی وانەگوتنەوە پەیوەست بە(ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، هۆکارەکانی فێرکردن، مامۆستا، پرۆگرام و پەرتوکی خوێندن، هەڵسەنگاندن، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ) کە خۆیان لە (60) برگە دەبینیەوە، پاشان کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان وداخلکردنیان و خستنە ژێر چارەسەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (spss) دۆزینەوەی جێگیری بۆ برگەکان، کە تووێژینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام لەوانە، زانینی ئاستی کێشەکانی وانەگووتنەوە بە پێی بوارەکان ڕێژەی هاوڕابوو 62.42% و هەروەها ئاستی کێشەکانی وانەگووتنەوە بەپێی هەریەک لە جیاوازی(بوارو ڕەگەز و ساڵانی خزمەت و پیشە)ی سەرجەمیان کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نیە و هیچ کام لەم گۆڕاوانە بەهاداری ئاماری نیە، چونکە ئەنجامی هەریەکەیان گەورەترە لە ئاستی کاریگەری ( 0.05 ) . توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی تویژینەوە گەیشتە هەندێک دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

کلیلی وشەکان : کێشە، وانەگوتنەوە، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، مامۆستا، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، مێژوو، هۆکارەکانی فێرکردن .

## بەشی یەکەم: ناساندنی چوارچێوەی توێژینەوەکە

### 1 ـ 1 پێشەکی :

وەک لامان ڕوون و ئاشکرایە بواری پەروەردە کە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگایە، ئەویش بە مەبەستی خزمەتکردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، چونکە هەر گەلێك پەروەردەیەکی تۆکمەو تەندروستی نەبوو ئەوا گەلێکی پەرش و بڵاو و بێ ئامانج و پلانە، وە هەر میللەتێك بایەخی نەدات بە بواری پەروەردە و فەرامۆشی کرد ئەوا بێگومان چارەنووسی نەوەکانی داهاتووی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەڕوات، بە مانایەکی تر پەروەردە واتا ئامادەکردنی تاکێك کە سوودی هەبێت بۆ کۆمەڵگاو نەبێتە بارگرانی بەسەریدا، ئەمەش پێویستی بە بەرنامەیەکی لە بنەڕەت زانستی و گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی بە پرۆسەیەکی سەرکەوتوودا بڕوات و لەسەر کۆمەڵگایەکی بنەمای سەرکەوتوو بنیاد بنرێت(حسن، 2013، ل 7) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆسەی پەروەردەو و فێرکردن رۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی لە گەشەپێدان و دابینکردنی، ئاراستەو حەزو و ئارەزوو پێداویستییەکانی قوتابی دەگێڕێت، بۆیە پشتگوێ خستنی حەزوو ئارەزووی قوتابیان دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین زیانی پەروەردەیی، بێگومان مامۆستاش ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینێت لە ڕەخساندنی وروژێنەرەکان و حەزکردن بە بەکارهێنانی شارەزایی مەعریفەی خۆی، و هەرچی ئەوەی نوێیە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، بۆیە ئەوانەی لە پرۆسەی فێرکردندا کار دەکەن جەخت لەوە دەکەنەوە کە پرۆسەی پەروەردەیی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە فەراهەم کردنی حەزوو ئارەزووی قوتابیان و گەشەپێدانیان، وە بێگومان هەر پشتگوێ خستنێک دەبێتە هۆی دروستکردنی لەمپەر لە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە پلان بۆ داڕێژراوەکان (عەبدولرحمان، 2007، ل6) .
زانایان و توێژەرانی بواری پەروەردە بەردەوام هەوڵیان داوە ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر گونجاو بۆ وانەگوتنەوە بگرنەبەرو و بەکاریبهێنن، هەروەها هۆکارو ئامرازی تەکنەلۆژیای فیرکاری بە شێوەیەکی بەربڵاو سوودی لێوەربگیرێت، چونکە پەروەردەو و فێرکردن پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند وئاڵۆزە، هەر ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکان پێویستیان بە توێژینەوەیەکی تایبەت بە خۆیانە، بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی پێشهات و دەستکەوت و دەرئەنجامەکان (رسول، 2017، ل19 ) .
پرۆسەی وانەگوتنەوەش کە مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمانە، پێویستە کاردانەوەیەکی کاراوتیۆری هەبێت لە نێوان مامۆستاو قوتابی، وە پێویستە پەیامەکەی مامۆستا نێردراو بێت قوتابیش وەرگر، وە بە پێچەوانەش بۆ جاری دووەم هەر ڕاستە هەردوو لا ئامادە باش و گوێڕایەڵ بن بۆ پرۆسەکە، لەبەر ئەوەی سەرباری ئەوەی کە قوتابیان بە هەزاران کاتژمێر بە درێژایی قۆناغەکانی خوێندن لە ناو پۆلەکان دەبەنە سەرو وانە دەخوێنن، بەڵام سەرباری هەوڵەکانی مامۆستا بۆ ئەوەی فێرکردنی قوتابیەکانی مانایەکی تەواو ببەخشێت، بەڵام زۆربەی کات ئەوەی کە قوتابی فێری دەبێت لە ماوەی چەند ڕۆژ یان هەفتەدا لە بیری دەکەن و مامۆستاش تووشی شۆک دەکەن لە کاتێکدا کە قوتابیەکان ئەو چەمکە سەرەکیانەی کە فێری بوونە لە بیریان کردووە (p33، **Roherer and Taylo , 2006** ) .
بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە کاتی وانەگوتنەوەدا ستراتیژیەت و ڕێگای گونجاو لە لایەن مامۆستاوە بەکاربهێندرێت، کە بە لایەنێکی گرنگی کرداری فێرکاری دادەنرێت، بۆ ئەوەی لە کێشەکانی ناو پۆل بە دوور بێت پێویستە مامۆستا ڕێگای گونجاو بگرێتە بەر بۆ وانەگوتنەوە بۆ ئەوەی کەشێکی لەبار دروست بکات بۆ قوتابیەکانی وە کارلێک کردنی نێوان مامۆستاو قوتابی وە ڕێگە بە دەربڕینی بیرۆکەی قوتابی

بدات بیربکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان، بۆ ئەوەی بە کەمترین تێچوون و ماندوو بوون ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بێتە دی، مامۆستای زیرەک ڕۆڵێکی تەکنیکی دەگێڕێت لە دروستکردن و پێشخستنی بارودۆخی وانەگوتنەوە لە هاتنە پێشی کێشەکان لە کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ناوخۆیی بە پێچەوانەوە ئەگەر سیستەمێکی پلان بۆ دارێژراو نەبوو بۆ وانە گووتنەوە ناتوانین سوود بە قوتابیان بگەیەنین، چەمکی وانەگوتنەوە چەندین بیرۆکەوئاڕاستەی جیاجیای لەسەر دراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر لە ئاڕاستەیەک لەنێوان پەروەردە ناساندا هەیە، بۆیە چەمک و ناوی جۆراوجۆریان پێداوە، هەندێک بنەما هەیە بۆ پێناسەی وانە گووتنەوە کە داکۆکیان لەسەر کراوە وەکو، وانە گووتنەوە پرۆسەیەکی، ( گەیاندنە، هاوکارییە، سیستەمییە، پیشەییە، زانستە یان هونەرە، یاخود چالاکیەکی بە مەبەستە) (الربیعی و اخرون، 2010، ص 10).

1 ـ 2: کێشەی توێژینەوە :

پەروەردە بەردی بناغەی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕامیاری هەر کۆمەڵگایەکە، ئەو بنچینە سەرەکییەیە وڵاتان بۆ پاراستنی قەوارە و بنیاتی شارستانییەتیان پشتی پێدەبەستن، ئەمەش هەر وا بە ئاسانی نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و کۆشش هەیە بۆ ئەوەی هەمیشە لە نوێبوونەوەی بەردەوام و سەردەمیانە دانەبڕێت، لە ئێستادا سیستەمی پەروەردە پێویستی بە بە چاکسازی و گەشەپێدانە بە شێوازێک لەگەڵ لەگەل ڕەوتی بەرەپێشچوونی دونیای هاوچەرخدا بگونجێت، بۆ ئەوەی ئەو کێشەو لەمپەرانەی دێنە بەردەم پرۆسەکە بە شێوەیەکی زانستیانە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە نەهێشتنی گرفتەکان ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان (ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، 2007، ل20) .

پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن بە گشتی و کرداری وانەگوتنەوە بە تایبەتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگ دەبێتەوە لە کاتی وانەگووتنەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ئاستی گەیاندنی زانیاری لەلایەن مامۆستاوە بۆ قوتابی کە تا چەند گرنگی و بایەخی هەبووە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، چونکە لاوازی یاخود بوونی کەموکوڕی لە هەر لایەنێک لە کاتی وانە گووتنەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان کە مامۆستا و قوتابی و بگرە باوان و کۆمەڵگاش بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەمە سەرەڕای خەمخۆری بەرپرسانی پەروەردە بۆ بەرەوپێشچوونی کەمکردنەوەی کاریگەری کێشەکان پێشکەشیان کردووە (سبیتان، 2010، ص5) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا کە بریتیە لە کێشەکانی وانەگووتنەوە، ئەوکێشەو گرفت و تەگەرانەی کە دەبنە بەربەست لەبەردەم بواری فێرکردن لە کاتی وانەگووتنەوە لە ناو پۆلدا، کە باسکردنی کارێکی زانستی و پەروەردەیی گرینگە بۆ تاک، هەڵبەتە لە ڕابردوو لێکۆڵینەوەی لەم بارە کەم بووە و بایەخی ئێستای پێنەدراوە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی دونیا و بوارەکانی دەروونزانیدا توێژینەوە لە بوارەکانی پەروەردەوفێرکردن ڕووی لە زیادبوون کرد، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بە باشی زانی توێژینەوەیەک لەم بارەیەوە ئەنجام بدات سەبارەت بە کێشەکانی وانەگووتنەوەی مامۆستا لە قۆناغی بنەڕەتی، ئەویش بەمەبەستی ئەو کێشە جۆربەجۆرانەی دێنە بەردەم مامۆستا، ئەگەرچی لە پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن بە گشتی و وانەگووتنەوە بە تایبەتی کە مەبەستمانە لە توێژینەوەکەمان ئاماژەی پێبکەین لابەلا هەوڵی باش دەدرێت بۆ پێشکەوتن و برەودان بە پرۆسەی فێرکاری و گەیشتن بە ئەنجامی باش و بەسوود، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بوارێک بێ کەموکوڕی نیە وانەگوتنەوەی مامۆستاش لە بابەتە مرۆیی و پەروەردەییەکان جێگای بایەخ و هەڵسوکەوت و چالاکی مرۆڤە جا بەشێوەی ڕاست و دروست یاخود کێشەو گرفتەکان کە دێنە بەردەم مرۆڤ. یەکێک لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستا دەبێتەوە لە کاتی وانەگووتنەوە بریتییە لەوەی کە مامۆستا بە شێوەکی گشتی چەقی پرۆسەی وانەیەکە بۆ وانەگوتنەوەی بابەتەکە، لەبەرامبەر ئەوەشدا قوتابی گوێگرە ئەمەش بەهۆی ئەوەی مامۆستا زۆرترین زانست و زانیاری دەبەخشێت بێ ئەوەی گوێ بە چۆنیەتی و چەندیەتی زانیارییەکان بدات، بەمەش ڕۆڵی قوتابی لاوەکی دەبێ و دەبێتە هۆی بێزاربوونی، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زۆربەی قوتابخانەکان مامۆستا بە پێی ماوەی دیاریکردنی وانەکە زانیارییەکانی ناو پەرتووکی خوێندن بۆ قوتابیان ڕوون دەکاتەوە، وە قوتابییەکان بەزۆری زانیارییان دەربارەی بابەتەکە نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاستی پێشکەوتن و ڕۆشنبیری قوتابی و باوان کە پێشینەیەکی باشیان نیە پەرتووک ناخوێننەوە یان هەر خوێندەوارییان نیە، مامۆستاش بە پێی کاتی وانەکە زانیارییەکان دەگەیەنێت، لەلایەکی ترەوە وەک دەبینین گۆڕانکارییەکی فراوان لە هەموو بوارەکانی ژیان درووست بووە بوونی ئامرازەکانی فێرکردن هۆکارێکن بۆ گۆڕانکاری لە وانە گووتنەوەی مامۆستا تێگەشتن و گەیاندنی باش بە قوتابی و کەمکردنەوەی کێشەکان، چونکە قوتابیش مامۆستای دوا ڕۆژە، وە پێویستە لەسەر تەواوی دەزگا پەروەردەییەکان و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بە هاوکاری مامۆستا هەوڵی جدی بدرێت بۆ گۆڕینی ئەو ڕێگا کۆنانەی لە وانەگوتنەوە بەکاردەهێنرێن، وەک ڕێگای گوتاری نوێکاری تێدا بکرێت لەگەڵ چالاکی و سیستەمی

نوێکاری و تەکنەلۆژیا بۆ نەوەی نوێ وانەیەکی باش بە بێ بوونی بێزاری پێشکەش بکەن، وە ڕەنگدانەوەی ڕاستی ژیانی هەر تاکێک لە تاکەکان بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و ڕێگای ڕاست. لە ئەنجامی ئەوەی سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، پێویستە مامۆستا بۆ دوور کەوتنەوە لە کێشەو گرفتەکانی ناو پۆل و کاتی وانەگوتنەوە، هەنگاوی نوێ بهاوێت لە هەندێک کاتدا قوتابی بکات بە چەقی زانیارییەکان بە ئەنجامدانی چالاکی و داواکردنی زانیاری پێش وەختە لە قوتابیان واتە ئەرکی ماڵەوە بۆ ئەوەی کارلێک هەبێت لە نێوان مامۆستاو قوتابی و زانیارییەکان.

لێرەدا دەتوانین دوو پرسیار ئاڕاستە بکەین، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە، کە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە دەبینێتەوە :

1 ـ ئایا کێشەکانی وانەگوتنەوە بە بەکارهێنانی ڕێگا و شێوازی نوێ لە وانەگوتنەوە لە لایەن مامۆستاوە بە بەشداریکردنی قوتابی و بەکارهێنانی چالاکی جۆراوجۆر، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بێزاری و کێشەکانی وانەگوتنەوە لە ناوپۆل ؟

2 ـ ئایا جیاوازی تاکایەتی لە پێدانی زانست و زانیاری بە قوتابی بەدی دەکرێت لە لایەن مامۆستاوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشەکانی ناوپۆل بەگشتی و وانەگوتنەوە بە تایبەتی بۆ باسکردن و خستنەڕووی زانیارییەکان لە بابەتە مێژووییەکان ؟

### 1-3 گرنگی توێژینەوە :

گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا بە چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو :

1 ـ ئەم توێژینەوەیە لەم کاتەی ئێستاماندا یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و بڕیار بەدەستانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە کێشەکانی پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە .

2 ـ سوودی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایان لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە لە ڕێگەی پێوەری ئامادەکراو لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ پۆلەکانی وانەگوتنەوە، وە ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی لە ڕێگەی ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی توێژینەوەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3 ـ گرنگە بۆ بەڕێوەبەراتی پەروەردەو مامۆستاو قوتابخانە بنەڕەتییەکان بە تایبەتی لە وانەگوتنەوەی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەک بەرچاو ڕوونییەک بۆ ناسینی کێشەو کەموکوڕیەکان لە بابەت و شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستاو ئەو پسپۆڕیەی هەیانە .

4 ـ بابەتی مێژوو وەک بەشێک لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتی و بەسوودە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی تاکەکانەوە هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە ئاشنامان دەکات بە لایەنە بەهێزو لاوازەکان و کێشە سەرەکییەکان .

**1 ـ 4 ئامانجی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئامانجانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت :

1ـ دیاریکردنی کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایاندا .

2 ـ ڕۆڵی سەرپەرشتیار و مامۆستایان لە کێشەکانی تایبەت بە وانەگوتنەوەی مێژوو لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان .

3 ـ دەستنیشانکردنی لایەنەکانی تایبەت بە کێشەی وانەگوتنەوە لە بوارەکانی (ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، مامۆستا، هۆکارەکانی فێرکردن، پرۆگرام و پەرتوکی خوێندن، سەرپەرشتیار، هەڵسەنگاندن ) .

**1 ـ 5 گریمانەی توێژینەوە :**

1 ـ ئایا جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایاندا لە ئاستی(0،05) ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بۆ هەر بوارێک بە تەنیاو هەموو بوارەکان بەیەکەوە ؟

2 ـ ئایا جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە کێشەکانی وانەگوتنەوە بە هۆی جیاوازی ڕەگەزی، بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ ) ؟

3 ـ ئایا جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی بنەڕەتی لە لایەن سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بە هۆی ساڵانی خزمەتییان لە نێوان (1 ـ 15) ساڵ، (زیاتر لە 15 ساڵ)، لە ئاستی (0،05) ؟

4 ـ ئایا جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی بنەڕەتی لە لایەن سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بە جیاوازی پیشە (سەرپەرشتیاران و مامۆستایان) ؟

**1 ـ 6 سنووری توێژینەوە :**

1 ـ سنووری مرۆیی: بریتییە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان.

2 ـ سنووری ماوەیی (کات): دابەشکردنی پەڕاوی ڕاپرسی بەسەر مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لە وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی (2021 ـ 2022)، لە ڕێکەوتی (9 / 3 / 2022) تا (14 / 4 / 2022).

3 ـ سنووری بابەت: کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی.

4 ـ سنووری شوێن: قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر.

**1 ـ 7 دیاریکردنی زاراوەکانی توێژینەوەکە :**

1.7.1: کێشە: ئەو ئاستەنگانەن کە دێنە بەردەم مامۆستا لە کاتی وانەگوتنەوە کە دەکرێت بەسەریاندا زاڵ بین (حمان، 2019، ص4) . یان حالەتێکی گومانکردن و دڵەڕاوکێیە کە پێویستی بە گەڕان و بەدواداچوون هەیە، بۆ ڕزگاربوون لێی و گۆڕینی بۆ حالەتێکی ڕەزامەند و گونجاو (حسن، 1987،ص 10) .

2.7.1: وانەگوتنەوە: پرۆسەیەکی ئامانجدار و داڕێژراوە لە نێوان مامۆستا و قوتابی ئەنجام دەدرێت کە گرنگی بە لایەنی زانستی و ویژدانی و کارامەیی دەدات (مستەفا، 2019، ل25) .

3.7.1: مێژوو: ئەو زانستەیە کە ڕابردووی مرۆڤ دەگەڕێت و دەکۆڵێتەوە لە حاڵەتی پێشکەوتنی لەو کاتەوەی کە دروست بووە تا ئێستا (النجار، 1955، ص9) .

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

2 ـ 1 چوارچێوەی تیۆری :

2 ـ 1 ـ 1: چەمکی کێشەکانی وانەگووتنەوە:

لە یەکێک لە ناساندنی کێشەکاندا هاتووە کە (هەستەوەری بۆ کێشەکان) واتە توانینی تاکە بۆ درک کردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، جیاوازی تاکە کەسی هەیە لە درککردن بەو کێشە و کەموکوڕییەکان کە لە دەورووبەرماندا هەن، بۆیە ئەو کەسانەی کە داهێنەرن زیاتر و خێراتر هەست بە کیشەکان دەکەن لە کەسانی ئاسایی (عزالدین، 2018، ل198) . یان دەگوترێت بریتییە لە کەمتەرخەمی و کەمی زانیاری کێشە هەمەجۆرەکان لە پرۆسەی فێرکردن، لە بەدەست خستنی لایەنی

ماددی دەروونی کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ قوتابییان بۆ ئەوەی گرۆتین لای دروست بێت سەبارەت بە هەڵوێستی فێرکاری، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەزموونی داواکراو بەپێی ئامانجی پەروەردەیی (إبراهیم، 2010، ص6) .

پێوەری هەڵبژاردنی رێگاکان وانەگوتنەوەی گونجاو بۆ مامۆستا زۆرن، بۆ ئەوەی بەپێی بابەتی وانەکە رێگایەکی گونجاو بەکاربهێنێت، چونکە بەشێک لە مامۆستایان لە هەڵبژاردنی رێگایەکی گونجاو بۆ وانەگوتنەوە تووشی ئاستەنگ دەبنەوە، بۆیە پێویستە بۆ گوتنەوەی هەر بابەتێک پاشخانێکی تیۆری باشی لە بارەی رێگاکان و شارەزایی لە بەکارهێنانیان هەبێت، بە تایبەتی بۆ قوتابیانی قۆناغی بنەرەتی، ئەم رێگایەش کە بەکاردەهێنرێت دەبێت لەگەڵ سروشتی قوتابیان و بابەتەکە و ئەزموونی مامۆستا بگونجێت، بەڵام لەو کێشانەی رووبەرووی دەبێتە بریتییە لە کەمی کات بە تایبەتی لە وڵاتی خۆمان کە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن نەرمی نواندنی تێدا نیە کاتی وانەکانی خوێندن کەمن بەشی تێگەیشتن لە بابەتەکە ناکات، بۆ یە لێرەدا مامۆستا ناچار دەبێت لە بری بەکارهێنانی رێگایەکی باشی وانەگوتنەوە بەڵکو رێگایەکی تری ئاسان بەکاردەهێنێت (محمد، 2021، ل71) .

2ـ1ـ2 پێکهاتەکانی وانەگووتنەوەی هاوچەرخ :

وانەگووتنەوە یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردە بە هەموو رێگاکانیەوە، لەبەر ئەوەی فاکتەری سەرەکی بەرجەستە بوونی ئامانجە (مەعریفی و رەفتاری و سۆزداری ) یەکانە، هەروەها فاکتەری سەرەکی پێشکەوتن و داهێنانە لە کایە و رەهەندە جیاوازەکانی ژیان وە هۆکار و ئامرازەکانی فێرکردن و تەکنەلۆژیای فێرکاری فاکتەرێکی گرنگی گواستنەوە و گەیاندنی زانیاری و داهێنانە زانستییە فرە رەهەندەکان، بەمەش ئامانجەکانی فراوانتر بووە لە چوارچێوەی زانیاری ناو پەرتووکەکان نەماوە، بەڵکو فراوانتر بووە بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارەزوو و ویست و توانای قوتابی گونجاوبێت، تاوەکو کارلێک لە نێوان قوتابی و ئەو بابەت و زانیارییانەی مامۆستا دەیانخاتەڕوو رووبدات (قادر، 2014، ل 14) .

2ـ1ـ3 هەست کردن بە کێشەکانی وانەگوتنەوە :

توانای دۆزینەوەی دەست نیشانکردنی ئاستەنگ و کەموکوڕی لە زانیارییەکاندا، بەر لە گەیشتن بە چارەسەر، ئەو کارامەییە لە هۆشیاری تاکەوە دروست دەبێ بە دۆزینەوەی هەبوونی کێشە و پێداویستی یان کەموکوڕی یەک کە دەبێتە بەربەست لە کارەکەدا، کە وای لێدەکات هەڵوێست

وەربگرێت لە بەرامبەر ئەو کێشە و کەموکورییانەدا. هەروەها درککردن بە کون و کەلەبەر و نارێکیەک و هەڵەیەک لە زانیارییەکاندا کە لە شوێنێکدا دەبێتە کێشە بۆ کارەکە، داهێنەر چاودێری ئەو شتانە دەکات کە کەسانی تر چاودێری ناکەن، وەک ڕەنگەکان و هەندێک برگە و بابەت لە رۆژنامەکاندا هەندێک کون و کەلەبەر کە لە بیرۆکەدا هەن(حمادنە، 2014، ص 33 ) .

2 ـ 1 ـ 4 گرنگی بابەتی مێژوو :

مێژوو بابەتێکی گرنگە سوودی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان هەیە، گرنگیەکەی لەوەدایە کە سەرجەم زانستەکانی تریش پەیوەستن پێیەوە، وەک زانستەکانی (جوگرافیا، سیاسەت، پەروەردە، دەروونناسی، گەردووناسی و زیندەوەرزانی و...هتد )، هەریەک لەوانە میژووی خۆیان هەیە بەبێ بوونی مێژوو ناسینی قۆناغەکانی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونیان ئەستەمە، لەلایەکی ترەوە مێژوو گرنگییەکی تری هەیە کە ئەگەر میژووی دوێنێ نەخوێنیتەوە تێی نەگەیت ناتوانی ڕووەو سبەینەکی رۆشن هەنگاو بنێیت، چونکە ڕابردوو بایەخی خۆی هەیە بەبێ بوونی زانیاری لەسەری مرۆڤ دەبێتە بونەوەرێکی بێ ئاگا (عومەر، 2019، ل13) .

2 ـ 1 ـ 5 ڕەگەزەکانی پەروەردە و فێرکردن :

2 ـ 1 ـ 5 ـ 1 مامۆستا :

مامۆستا یەکێکە لە پێکهاتە هەرەگرنگەکانی پرۆسەی فێرکردن، کە کاریگەری زۆری هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، کە لە ڕێگای هەوڵ و توانا و کۆششەکانی کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بۆ وانە گوتنەوە و بەڕێوەبردنی پۆل، چونکە مامۆستا سەرچاوەی زانیارییەکانە بۆ گەشەی قوتابیان و لە ڕووی زانیاری و کارامەیی و ئاراستە و مەیل و بەهاکان، هەروەها ئەو سەرنج و تێبینیانەی لە کاتی وانەگووتنەوە دەریدەخەن لە ڕووی سیفەت و کەسایەتی و پیشەیی هەڵبژاردنی ڕێگای شیاو بۆ وانەگووتنەوە (خالد، 2010، ل167 ) .

2 ـ 1 ـ 5 ـ 2 بواری وانەگووتنەوە :

ئەو ستراتیژییەت و ڕێگا و شێوازانەی مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوە بەکاریان دەهێنێت  بە لایەنێکی گرنگی فێرکاری دادەنرێت، بۆیە مامۆستا پێویستە ئەو شێوازە بەکاربهێنێت کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کەشێکی لە بار و گونجاو بۆ قوتابیەکان لەناو پۆلدا، هەروەها کارلێکی ێوان مامۆستا و قوتابی

و ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی و توانا و حەز و ئامادەگی قوتابیانە، چونکە بوونی جیاوازی لە تایبەتمەندییەکانی قوتابی دەبێتە کێشە بۆ لێپرسراوانی بواری پەروەردە و فێرکردن، ئەرکی پەروەردە بریتییە لە هەڵی فێرکردنی یەکسان بۆ گشت تاکەکان، بۆ بەرزکردنەوەی توانای قوتابیان (القرنی، 2014، ص 2) .

2 ـ 1 ـ 5 ـ3 بواری هەڵسەنگاندن :

چەمی هەڵسەنگاندن بە بۆچوونی (سۆرندایک) بریتییە لە دەرکردن و وەرگرتنی کۆمەڵێک بڕیار دەربارەی سەرکەوتنی قوتابی و پێشکەوتنی لە خوێندن، (گرۆنلاند) لەو بڕوایە دایە کە هەڵسەنگاند پرۆسەیەکەی ڕێکخراوە بۆ دیاریکردنی چەندییەتی سوود وەرگرتنی قوتابی لەو ئامانجە پەروەردەییانی کە پێشتر دانراون (قەرەچەتانی، 2018، ل16 ) .

پرۆسەی پەروەردەیی ئامانجی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاری قوتابی، ئەم گۆڕانکارییەش هەندێک جار پێیان دەڵێن ئامانجە پەروەردەییەکان هەر بۆیە دەبینین بەرپرسانی پەروەردەیی هەوڵ دەدەن ئەو گۆڕانکارییانە دیاری بکەن، بۆ ئەوەی بزانن تا چەند بەرنامە و بەرنامە و پلانە پەروەردەییەکان هاتونەتەدی ئەم پرۆسەیەش پێی دەگووترێت هەڵسەنگاندن کە بریتییە لە جۆرێک لە چالاکی پێویست بۆ باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان، ئامانجی بنەڕەتی لەپرۆسەی پەروەردەیی تەنها دەرکردنی بڕیار نیە لەسەر قوتابی ڕادەی دەرچوون و بەدەستهێنانی، بەڵکو ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەیە کە ڕێگە و ڕێچکەی فێربووندا ڕوودەدات و هەروەها ئامادەکردنیان (حسن، 2013، ل 84 ) .

2 ـ 1 ـ 5 ـ 4 لە بواری پەیوەندیە مرۆییەکان :

مامۆستای بە توانا ئەو مامۆستایەیە کە بە کاریگەری کەسایەتی و چالاکییەکانی هەوڵ بدات قوتابی بوروژێنێت، و هانی بدات لەسەر کارو چالاکی لە ڕێگەی وانەگوتنەوەیەکی گونجاو و پیادەکردنی چالاکی نوێ لە پاڵیدا، وە گفتوگۆکردن و گەڕانەوەی زانیارییەکانی پێشووتر بۆ بابەتەکەو بەستانەوەی وانەی ڕابردووبە وانەی داهاتوو، ئەمەش بە یارمەتی هاوەڵانی کارو مامۆستاو بەڕێوەبەر و بەشەکان لە دانانی پلان و وانەگوتنەوە وە هاوبەشیکردن لە کۆبوونەوەکان توانای گەیاندنی هەست و نەستی کەسانی تر و ڕێزگرتن لە بیروڕایان (حسن، 2013، ل 12) ، (یەحیا، 2013، ل57 ) .

2 ـ 1 ـ 5 ـ 5 ئامرازەكانی فێركردن:

هۆكارەكانی فێركردن بریتین لەو چالاكی و رێوشوێنانەی كە مامۆستا بەكاریيان دەهێنێت بە هەموو جۆرەكانیەوە بەپێی پێویستی وانەكە، جۆری ئامرازە فێركارییەكان زۆرە كە پێویستە مامۆستا سوودیان لێ ببینێت وەكو هۆكارەكانی بیستن و بینین و دەست لێدان بە هەموو شێوازەكانییەوە كە بریتین لە (تەختە ڕەش، قەڵەم، خشتەكان، نەخشە، وێنە، نمونەكان، هەڵواسراوەكان بە گشتی، كۆمپیوتەر، گەشتی زانستی و شوێنەوارەكا، نمایش و نواندن ) (محمد، 2016، ص 181) .

2 ـ 1 ـ 6 گرنگی پیشەی وانەگووتنەوە:

هەر بابەتێک لە بابەتەكانی خوێندن كێش و قورسایی خۆی هەیە ، كە پێكهاتووە لە ئامانجی مەعریفی و فەلسەفی و كۆمەلایەتی ، چونكە پرۆسەی پەروەردەو فێركردن پرۆسەیەكی هەمە ڕەهەندە ، ئەگەر لایەنە پۆزەتیڤەكان ئەكتیڤ نەكرێن وەكو هەموو چالاكیەكان لایەنە نێگەتیڤەكە زەفەر بە پرۆسەكە دەبەن ، ئەمەش بە میتۆدو ڕێگاو شێوازی وانەگوتنەوە كە پێویستی بە توانای مامۆستا هەیە بۆ سەركەوتنی وانەكە ، وە بە ڕەخساندنی ژینگەی پۆل پێشوازی لە قوتابیان دەكات وە كۆشش كردن بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم بابەتە لە تێگەیشتن لە ڕووداوە رەونەكان و كێشە هاوچەرخەكان لە ڕووی ماناو چۆنیەتی بەكاربردنیان لەوانەگوتنەوەی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان لە قوتابخانە سەرەتایی و دواناوەندی و ئامادەییەكان (ئارام ، 2014، ل86 ، 125) .

2 ـ 1 ـ 7 ئامانجی خوێندن و وانەگووتنەوەی مێژوو :

لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا دانانی هەر بابەتێک لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن كۆمەڵێک ئامانجی دیاریكراوی هەیە، بۆ زانینی ڕاستیيە مێژوویەكان و شرۆڤەكردنیان و تێگەیشتن لە لێكۆڵینەوە میژووییەكان و هەڵسەنگاندنیان، ئەمەش لە ڕێگای ئاشكرا كردنی ڕووداوە مێژووییەكانی گرفتە هاوچەرخەكانمان و تێگەیشتن و وەرگرتنی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و هەڵسەنگاندنی ڕەوتی ڕووداوەكان بۆ پوختكردنەوەی ئەو بەهایانەی چالاكی مرۆڤ ئاراستە دەكەن و لە میانی ئەو پێوەرانەی هەندێكیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەزموونەكانی ڕابردوو ، وە زیادبوونی هۆشیاری و پرسە جیهانیە هاوچەرخەكان پەیردن و درک پێكردنی بایەخی لەیەكتر تێگەیشتنی نێودەولەتی ، هەروەها هەست كردن بە گرفت و كێشەكان دۆزینەوەی هۆكار و چارەسەرییەكان ، لە پێناو ساقامگیری نیشتیمانی و

زانینی پەرەسەندنەکان لە جیهانی هاوچەرخ و هۆشیاری بۆ سەرجەم ڕەهەندەکان (سعید، 2022، ل 58 ) .

2 ـ 1 ـ 8 ڕۆڵ و ئەرکی مامۆستا لە کیشەکانی وانەگووتنەوە لەناو پۆل لە بەڕێوەبردنی وانە :

1 ـ کێشەی تایبەت بە بواری پسپۆڕی و شارەزایی لە بوارە زانستییەکە وەک شکستهێنان لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی فێرکردن بەشێوەیەکی گونجاو، کێشەی نەبوونی پلانی ساڵانە بە پێی بابەت و کاتی وانەکان و کێشەی هەڵسەنگاندنی قوتابییان .

2 ـ کێشەی تایبەت بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پۆل، وەک ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکایەتی و خراپی پەیوەندی و نەگونجان لەگەڵ ژینگەی قوتابخانە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قوتابییانەی ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام دەدەن (عزیز، 2018، ل 263 ) .

2 ـ 1 ـ 9 پێکهاتەی وانەگوتنەوە :

پێکهاتەکان بنەڕەتی پرۆسەی وانەگوتنەوەن، هەندێک پێکهاتە هەیە پشت بە مامۆستا دەبەستێت ئایا تا چەند بە توانا و زیرەکە لە ڕووی کەسایەتی و لایەنی زانستییەوە چۆنیەتی سود وەرگرتن لە تواناکان و بەکارهێنانیان لە وانە گووتنەوەدا پێکهاتەکانیش بریتین لەوانەی خوارەوە :

1 ـ لێهاتوویی سروشتی :

هەندێک پێکهاتە و فاکتەری سروشتی هەیە بەشدارە لە سەرکەوتنی پرۆسەی وانەگوتنەوە، کە بریتین لە هێزی کەسایەتی مامۆستا بۆ کۆنترۆڵکردنی وانە کە دەبێتە هۆی هاندانی قوتابییان لەسەر خۆ گونجاندیان و بەشداریکردنیان ، ئەویش بە ڕێگای بەکارهێنانی دەنگی خۆی بە شێوەیکی ڕوون و ڕەوان و شێوازی پێشکەشکردنی وانەکە و دان بەخۆ داگرتن و خێرایی لە گەیاندنی زانیارییەکان.

2 ـ توانای فێرکردن و فێربوون :

شارەزایی مامۆستا سنووری نیە، بەڵام پێویستە هەموو لایەنەکانی بواری تایبەتمەندی بابەتەکەی شارەزایی لێ هەبێت و ئاگاداری دوا زانیاری و سەرچاوەکانی زانستی و هاوچەرخ بێت، ئەمە کارئاسانی بۆ مامۆستا دەکات لە پرۆسەی فێرکردن لە ئەنجامی بڕوا بەخۆنەبوون و زانیارییەکانی و ئەنجامدانی کارەکەی بە شێوەیەکی پەرۆش و چالاک (حمد، 2021، ل 20 ) .

2 ـ 1 ـ 10 بەکارهێنانی چارەسەری کێشە لە وانەگوتنەوەی مێژووودا :

1ـ کێشە : دۆزینەوە و بیرکردنەوە لێی گفتوگۆ کردن دەربارەی دواتر دیاریکردن و داڕشتنی دەکرێت مامۆستا کێشەکە بخاتە بەردەست، یاخود قوتابییەک پێشنیار بکات.

2 ـ زانیارییەکان: کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان و گفتوگۆکردن لە سەری و بڕیاردان لەبەر ڕۆشنایی کێشەکە و دیاریکردنی.

3 ـ ئەگەرەکان : دروستکردنی چارەسەر بۆ کێشەکە، گەیشتن بە دەرەنجامی سەرەتایی.

4 ـ پۆلینکردنی ئەنجامەکان: دیاریکردنی ئەنجامەکان، بیرکردنەوە لە ئەنجامەکان، و هەڵسەنگاندن (علی، 1992، ص 76 ) .

2 ـ 1 ـ 11 ڕۆڵی مامۆستا لە کێشەکانی وانەگوتنەوە :

ڕۆلی مامۆستای سەرکەوتوو لە پەروەردەکردنی قوتابیان تەنها گرنگیدان نیە لە لایەنی مەعریفی و زانستی، بەلکو بەرپرسە لە لایەنی ڕەفتاری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی قوتابیان لە کاتی دەوامی قوتابخانەدا، بۆ ئەوەی لە پیشەی مامۆستای سەرکەوتوو بن، بەردەوام سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری جیاواز بخوێننەوە، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، وە گرنگی بە داهێنان و دۆزینەوەی زانستی بدات لە لە بوارو کایە جیاوازەکانی دەروونی و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، وە گۆڕین وگەشەدان بە بەڕێوەبردنی پەروەردە بۆ ئەوەی ببێت بە پرۆسەیەکی دیموکراسی سەرکەوتوو ، چونکە مامۆستا تەنها ڕۆلی وانەگوتنەوە نیە بەڵکو دەبێت بەشدار بێت لە دانان و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و ڕێکخستنی سیستەمی بەڕێوەبردن (قادر، 2018، چ2، ل 68 ) .

دەتوانین بڵێین، بەلای قوتابیش بۆ ئەوەی خوێندن ببێت بە حەزو خولیایێک ئەوە پێویستە بایەخ بە هۆکارەکانی جێبەجێکاری پرۆسەی گەیەنەر بدرێت ئەویش مامۆستایە، چونکە مامۆستا نەک تەنها گەیەنەرە، بەڵکو گەشەپێدانی تواناکانی قوتابی دەکان لە ڕووی عەقلی و هەست و نەستی (عوسمان، 2015، ل 17 ) .

2 ـ 1 ـ 12 ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە کێشەکانی وانەگوتنەوە :

لەم ساڵانەی دواییدا سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پەرەی سەندوو پێشکەوتنی ڕوون و ئاشکرای بە خۆیەوە بینی، بە تایبەتی لەڕووی فەلسەفەو شێوازەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە بەردەوام و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانكاریەكانی سیستەمی پەروەردەیی، پرەنسیب و تیۆرەكانی فێركردن و پەیوەندیە مرۆییەكان، و كاریگەری كۆمەڵگا لەسەر سەرجەم كایەكانی ژیان و زانستە كۆمەڵایەتی و دەرونزانی و رەفتارییەكان، كە ئامانجی ئەنجامدانی چاكسازییە لە شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستاو هاوكاریكردنی بۆ زیاتر گەشەسەندنی چارەسەری كێشەو ئاستەنەكان ئەمەش لە چوارچێوەی هەماهەنگی و رێزگرتن لە نێوان ئاراستەكاری پەروەردەیی مامۆستایاندا (خالد، 2010، ل48 ) .

**2 ـ 2 توێژینەوەكانی پێشوو :**

2 ـ 2 ـ 1 **توێژینەوەی** COOPER (2003) :

**(كێشەكانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژووی ئەمریكی لە قۆناغی ناوەندی )**

ئەم توێژینەوەیە لە ویلایەتە یەكگرتووەكان ئەمەریكا ئەنجام درا ، ئامانج لێی دەرخستنی ئاستەنگەكانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژووی ئەمەریكی بوو لە قۆناغەكانی ناوەندی ، كۆمەڵگای توێژینەوەكە بریتی بوو لە ژمارەیەک لە شارەزایان و مامۆستایانی ناوەندی تایبەت بە بابەتی مێژوو ، توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتی بەست بە بەكارهێنانی ژمارەیەک لە ئامرازە ئامارییەكان بۆ چارەسەری داتاكانی توێژینەوەكە لە رێگەی مامەلەكردن بە (ارتباط سبیرمان ) و (رێژەی سەدی ) ، لە ئەنجامدا گەیشتین بەم دەرئەنجامانە ، زۆربەی مامۆستایان گرنگی زیاتر بە ئاستەنگە باوەكان لە بابەتی مێژووی ئەمەریكی دەدەن ، كەمتر هەوڵدەدەن بۆ زانیاری بە قوتابیان ، زۆربەی كێشەكان لە پێویستی سەرچاوە تایبەت بە مێژووی ئەمەریكی بە گشتی هەر چەندە كتێبی تایبەت بەم بابەتە هەبێت كەم و گران بەهایە (COOPER,2003, p78) .

**2 ـ 2 ـ 2 توێژینەوەی المسعودی (2005) :**

**(ئاستەنگەكانی كە رووبەڕووی قوتابی دەبێتەوە لە گووتنەوەی بابەتی مێژووی كۆن لە كۆلێژی پەروەردە پێشنیار و چارەسەر )**

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو ئاستەنگانەیە كە ڕوو بەڕووی قوتابی دەبێتەوە لە گوتنەوەی بابەتی مێژووی كۆن لە كۆلیژی پەروەردە و پێشنیارو چارەسەر، توێژەر هەستا بە وەرگتنی (217 ) قوتابی كوڕو كچ لە عێراق، كە تیایدا ئەو خالانەی دەست نیشان كرد كە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم قوتابی، تایبەت بە بابەتی مێژووی كۆن، توێژەر پشتی بەست بە پەڕاوی ڕاپرسی كە لە (37) برگە پێك

هاتبوو، تایبەت بەە بە بوارەکانی (ناوەڕۆک، کەرەستەکانی فێربوون، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، هەڵسەنگاندنی قوتابی، تاقیکردنەوەکان )، بۆ شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان پشتی بەست بە پێویستییە ئامارییەکان، (ارتباط بيرسون ـ هاوکێشەی فیشەر ) توێژەر چەند ئەنجامێکی خستەڕوو لەوانە، ( زۆربەی ئەو بابەتانەی ناو پەرتوکی خوێندنی مێژوو گونجاو نیە لەگەڵ ئەو کاتەی بۆ وانەکە دیاریکراوە، نەبونی بابەتی مێژووی کۆن لە قۆناغی ئامادەیی، کەمی گەشتکردن بۆ شوێنەوارە مێژووییەکان، لە کاتی تاقیکردنەوەکان ئەو کاتەی تەرخانکراوە گونجاو نیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان تا بتوانێت شیکار و بۆچوونی خۆی بە تەواوی بدات ) وە هەروەها چەند ڕاسپاردەیەکی دەرکرد لەوانە (زیادکردنی کاتی گونجاو بۆ وانەگوتنەوەی مێژووی کۆن، گرنگیدان بە ناوی پاشاو سەرکردەکان و ساڵانی دەسەڵاتیان، گرنگیدان بە گەشتی زانستی و شوێنەوارە مێژووییەکان ن زیادکردنی بایەتی مێژوو کۆن لە قۆناغی ئامادەیی ) (المسعودي ، 2005 ، ص46 ـ 70) .

**2 -3-2 توێژینەوەی أبو علي (2008) :**

**( ڕۆڵی کێشە و بەربەستەکان لەبەردەم مامۆستا لە قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکان لە شاری نابلس و گوماس لە ڕوانگەی بەڕێوەبەر و مامۆستا ) .**

توێژەر ڕاپرسییەکەی لە (54) برگە پێکهاتبوو، لەو ڕاپرسیانەی لە توێژینەوەکەی بەکاریهێنابوو، هەروەها نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (58) بەڕێوەبەر و (299) مامۆستای پیاو و ئافرەت، کە توێژینەوەکە ئەم لایەنانەی کێشەی دەگرتەوە ، بەربەستی پەیوەست بە قوتابی، زۆرترین کێشەی وابەستەنەبوونی قوتابییانە بە پۆلەکانیان، بەربەستی پەیوەست بە ناوپۆل لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە کە دیارترینیان زۆری ژمارەی قوتابییانە و داواکردن لە مامۆستای بابەتی تر، کە هەندێک لەو پۆلانە بلێتەوە، لە کاتێکدا پسپۆڕی خۆی نییە، ئەمەش بەهۆی کەمی مامۆستا لە هەندێک لە قوتابخانەکان ،بەربەستی بەردەم پرۆگرامی خوێندن، وەک زۆری بابەت ، بەربەستی بەردەم کۆمەڵگەی ناوەخۆیی وەک نزمی ئاستی تێڕوانینی خەڵک بەرانبەر بە مامۆستا، بەربەستی پەیوەست بە مامۆستا، وەک زۆری بابەتی وانەگوتنەوە (أبو علي، 2008 : ص1 ـ 45) .

بەشی سێیەم، ڕێکارەکانی توێژینەوە :

3 ڕێکارییەکانی توێژینەوە :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم بەشە ڕێ وشوێنی هەنگاوەکانی تویژینەوەکە لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی تویژینەوەکە، کە مەبەست لێی دیاریکردنی ڕێباز و کۆمەڵگا و نموونەی وەرگیراو بۆ تویژینەوەکە و چۆنیەتی ئامادەکردنی ئامرازەکەو دەرهێنانی ڕاستی نەگۆڕی ئامرازەکە و کۆکردنەوەی زانیاری، پراکتزەکردنی ئامرازەکە بەسەر نموونەی تویژینەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئامرازە ئامارییەکان لە تویژینەوەکە بەکارهاتوون بەم شێوانەی خوارەوە،

1-3 ڕێبازی تویژینەوەکە :

تویژەر لە تویژینەوەکەیدا ڕێبازی وەسفی (شیکاری) بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی تویژینەوەکەی، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی تویژینەوەکە، بەو پێیەی دەگونجێت لەگەڵ سروشتی کێشەی تویژینەوەکە.

چونکە ڕێبازی وەسفی تویژەران پشت دەبەستن بەم ڕێگایە بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی کێشەکە لەسەر بنەمای وەسفکردنی دیاردەکە بە وەسفکردنێکی وورد، بەواتای نیشاندانی دیاردەکە کە ڕاستیدا بوونی هەیە، لەوانەیە وەسفکردنەکە بە ووشە یان بە ژمارە بێت .

2-3 کۆمەڵگەی تویژینەوەکە :

کۆمەڵگا بریتیە لە کۆمەڵێکی تەواوکارە لە تاک و شتەکان یان ژمارەکان یان ئەو پێوانانەی کە تایبەتمەندییەکی هاوبەشە دە توانرێت تێبینی بکرێت کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە (صبری و أخرون، 2001، ص 15) .

دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای ئەم تویژینەوەیە بە یەکێک لە کارە گرنگەکان دادەنرێت و دەبێت هەموو مەرجەکانی تێدا بێت بۆ ئەنجامدانی تویژینەوەکەمان کە بریتییە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر لە پارێزگای هەولێر، بۆ ساڵی خوێندنی (2021ـ 2022 ز)، لە ڕەگەزی نێر و مێ لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان، وە ژمارەی مامۆستایانی بریتییە لە (590) مامۆستا (265) پیاو و (325)لە ڕەگەزی مێ ،تەنها (3) سەرپەرشتیارن لە ڕەگەزی نێر تایبەتن بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسنوری پەروەردەی دەشتی هەولێر، بۆ پراکتیزەکردنی کاری ڕاپرسی تویژینەوەکە، کە کۆی گشتی (170) قوتابخانەی بنەڕەتییە لە سنورەکە، پشت بەست بە داتای پەروەردەی دەشتی هەولێر لە ساڵی (2021-2022 ز) ،تویژەر دوای گەڕان بۆ هەلبژاردنی قوتابخانەکانی بنەڕەتی و مامۆستایانی تایبەت بە وانەگوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنی بەیانیان، تاوەکو

ببێتە جێگای ئەوەی ڕاپرسی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام بدات. توێژەر بەمەبەست قوتابخانەکانی پەروەردەی سنووری دەشتی هەولێری هەڵبژاردووە، ئەمەش بە هۆی نزیکی توێژەر لە قوتابخانەکانی ئەم سنوورە، وە نەبوونی گیروگرفتی هاتووچۆ، زۆری دووبار بوونەوەکانی سەردانی ئەم قوتابخانانە بەهۆی بوونی دەوامی جیاواز لە بەیانیان و نیوەڕۆیان، کەمی مامۆستای تایبەت بە پڕکرنەوەی ڕاپرسی تایبەت بە مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بە هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر لە سنووری قەزای دەشتی هەولێر لە بنەسڵاوە کە یارمەتیان داین بۆ پێدانی زانیاری لە سەر ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و سەرپەرشتیارانی ئەم سنوورە لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی، ئەمەش بە نووسراوی تایبەت بۆ ئەم قوتابخانانەی کە توێژەر سەردانی کرد لەم ماوە دیاریکراوەدا .

3.3 نموونەی توێژینەوەکە :

مەبەست لە نموونەی توێژینەوە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێـت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات، یاخود هەموو تاکێکی ئەم دیاردەیە کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە، بۆیە توێژەر دوای دەست نیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەستی کرد بە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە نێو کۆی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنوری پەروەردەی دەشتی هەولێر و سەرپەرشتیارانی تایبەت بەم سنورە بەم شێوەیەیی خوارەوە :

3 ـ 3 ـ 1 نموونەی سەرپەرشتیاران :

سەبارەت بە سەرپەرشتیاران توێژەر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی یەکەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پەروەردەی دەشتی هەولێری کرد کە ژمارەیان (40) سەرپەرشتیارە، بەڵام ئەوەی مەبەستی توێژەر بوو تەنها وەرگرتنی ڕای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی تایبەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بوو، چونکە توێژینەوەکە سنوردار بوو کە تایبەت بوو بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانیش تەنها (3 ) سەرپەرشتیار بوون کە هەرسێکیان لە ڕەگەزی نێر بوون.

3 ـ 3 ـ 2 نموونەی مامۆستایان :

سەبارەت بە مامۆستایان توێژەر بۆ ئەم نموونەیە هەڵسا بە دابەشکردنی پەڕاوی ڕاپرسی بە سەر مامۆستایانی ئەم سنورە کە کۆی گشتی مامۆستایانی بنەڕەتی تایبەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (590)

مامۆستا بە جۆرێک(265) پیاو و (325) ئافرەتن کە دابەش دەبن بەسەر (170) قوتابخانەی بنەڕەتی سنورەکە، لێرەدا توێژەر سەردانی (40) قوتابخانەی بنەڕەتی سنوری پەروەردەی دەشتی هەولێری کرد بە جۆرێک لە ناحیەی دارەتوو (17) قوتابخانە، بنەسڵاوە (15) قوتابخانە، ناحیەی قوشتەپە (8) قوتابخانە، لە تەواوی ئەم (40) قوتابخانانە (137) مامۆستای بە جیاوازی ڕەگەز و ساڵانی خزمەت وەرگرت، (67) مامۆستای پیاو، (70) مامۆستای ئافرەت ئەوە لە ڕووی ڕەگەز، هەروەها لە ڕووی ساڵانی خزمەت (97) مامۆستا کە خزمەتیان کەمتر بوو لە 15 ساڵ، (40) مامۆستا خزمەتیان لە سەرووی 15 ساڵ بوو، هەروەک لە خشتەی ژمارە (3 ـ 1) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (3 ـ 1) زانیاری نوونەی توێژینەوە**

| زانیاری کەسی/مامۆستایان | | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 67 | 48.9% |
| | مێ | 70 | 51.1% |
| ساڵانی خزمەت | 15-1 | 97 | 70.8% |
| | >15 | 40 | 29.2% |
| زانیاری کەسی /سەرپەرشتیاران | | دووبارە | % |
| ڕەگەز | نێر | 3 | 100.0% |
| ساڵانی خزمەت | >15 | 3 | 100.0% |

### 3ـ4 ئامرازی توێژینەوە :

پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان، توێژەر وای بە باش زانی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی ئامرازێکی گونجاوە. " فۆڕمی ڕاپرسی (ڕاوەرگرتن) لەو ئامرازانەیە کە لە توێژینەوەی وەسفکارییدا زۆر بەکاردەهێندرێت، وەک لە توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا " (عارف، ئازاد، 2018، ل38) . توێژینەوەکانی پێشوو کۆمەڵێک ئامرازی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی تایبەت بە تویژینەوەکانییان (سعید، 2022، ل81). هەڵبژاردنی ئامراز بۆ هەر توێژینەوەیەک یەکێکە لە مەرجە زانستییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەبێت لە گەڵ سرووشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بگونجێت (ڕۆستەم، 2016، **ل67**) . گرنگترین ئامرازەکانیش بریتین لە :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3 ـ 4 ـ 1 ڕاپرسی :

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە لە پێناو گەشەپێدان و فراوانکردنی ئامرازەکەی هەستا بە گەڕان بەناو سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو  بە پشت بەستن بە پێوەری (کێشەکان) نزیک لە بابەتی توێژینەوەکەی ئامادەی کردووە بە سوود وەرگرتن لە هەریەک لە توێژینەوەکانی، (أغا، 2008 )، (المطيرى، 2016 )، (حسين، 2002 )، (اللهوانى، 2007 )، (حسان، 1993 )، (العجرش، 2012).

بۆ پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی کێشەکانی وانەگووتنەوە، کە فۆڕمەکە خۆی لە (60)بڕگە لە (6) بواری جیاجیا دەبینییەوە کە هەریەکەیان لە (10) بڕگە پێکدێت بوارەکانیش بریتیی بوون لە کێشەکانی پەیوەست بە (ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، مامۆستا، ئامرازەکانی فێرکردن، پرۆگرام و کتێبی خوێندن، هەڵسەنگاندن، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی)، کە ئاڕاستەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران کراوە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان توێژەر (5) بژاردەی ئامادەکردبوو بۆ بڕگەکان، بۆ هەر بژاردەیەک پلەیەک داندرا بە پێی پێوەری (لیکەرت)، **(Five-Likert)** هاوشانی ژمارەکان دانران، بژاردەکان بریتی بوون لە (زۆر ڕازیم5، ڕازیم4، بێلایەنم 3، ڕازی نیم2، هیچ ڕازی نیم1 ) .

2.4.3  ڕاستگۆیی ئامرازەکە :

بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکە توێژەر  بۆ پێوەری ڕاستی پشتی بە (9) پسپۆڕ و شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەگووتنەوە و پێوانەوهەڵسەنگاندن  و دەروونزانی پەروەردەیی بەستووە بۆ دڵنیا بوون لە گونجانیان، لە ڕێکەوتی (2022/1/3) دەستی کرد بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر شارەزایان بۆ وەرگرتنی سەرنج و تێبینیان، دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن شارەزایان، لە گەڵ هەبوونی هەندێک سەرنج و تێبینی و گۆڕانکاری لە (3) بڕگەدا  بەڵام هیچ بڕگەیەک لانەدران، کە لە ئەنجامدا بەپێی هاوکێشەی ( J. Cooper) بە ڕێژەی (99.4) بڕگەکەکان وەک خۆی مایەوە، مانای وایە ڕاستی فۆڕمەکە ژمارەیەکی ڕێژەیی بەرزی وەرگرتووە، ئەمەش واتای ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لەڕووی زمانەوانی و وەرگێڕانەوە توێژەر فۆرمی ڕاپرسی یەکەی خستە بەردەستی مامۆستای شارەزا لە زمانی عەرەبی لە (زانکۆی سەڵاحەددین / کۆلێژی پەروەردە ـ بەشی زمانی عەرەبی ) لە ڕێکەوتی (2022/1/17) .

3.4.3 جێگیری ئامرازەکە :

بۆ زانین و دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیری برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرۆنباخ) ی بەکار هێناوە، کە بەها جێگیری بۆ هەریەک لە بڕگەکان دۆزییە بەم شێوەیە لە بڕگەی یەکەم کە تایبەت بە کێشەکانی پەیوەست بە وانەووتنەوە بوو بەهاکەی (0.765) بوو، بڕگەی دووەم کێشەکانی پەیوەست بە مامۆستا بەهاکەی (0.830) بوو، بڕگەی سێ یەم کێشەکانی پەیوەست بە ئامرازەکانی فێرکردن بەهاکەی (0.834) بوو، بڕگەی چوارەم کێشەکانی پەیوەست بە پڕۆگرام و کتێبی خوێندن بەهاکەی (0.835) بوو، بڕگەی پێنجەم کێشەکانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندن بەهاکەی (0.763) بوو، بڕگەی شەشەم کێشەکانی پەیوەست بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەهاکەی (0.751) بوو، بەمەش لە کۆی گشتی هەر شەش بڕگەکە کە هەریەکێک خۆی لە 10 پرسیار دەبینیەوە بەهای گشتیان بریتیی بوو لە (0.941) کە ئەمەش بەهایەکی بەرزی ڕادەی جێگریی بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی نیشان دەدات ئەمەش لە خشتەی ژمارە (3 ـ 2) ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی ژمارە (3 ـ 2)جێگیری بڕگەکان بۆ هەموو بوارەکان**

| ز | کێشەکان | ژ.پرسیار | بەهای ئەلفا-کرۆنباخ | بریار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەیوەست بە وانە ووتنەوە | 10 | **0.765** | جێگیرە |
| 2 | پەیوەست بە مامۆستا | 10 | **0.830** | جێگیرە |
| 3 | پەیوەست بە ئامرازەکانی فێرکردن | 10 | **0.834** | جێگیرە |
| 4 | پەیوەست بە پڕۆگرام و کتێبی خوێندن | 10 | **0.835** | جێگیرە |
| 5 | پەیوەست بە هەڵسەنگاندن | 10 | **0.763** | جێگیرە |
| 6 | پەیوەست بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی | 10 | **0.751** | جێگیرە |
| 7 | گشت فۆڕمەکە | 60 | **0.941** | جێگیرە |

**5.3 ئامرازە ئامارییەکان:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ شیکردنەوەی داتاکان توێژەر بەشێک لە کەرستە ئامارییەکانی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێنا لە ڕێگای بەرنامەی (SPSS – version 21) کە بریتین لە :

1 ـ هاوکێشەی الفا کرۆنباخ (Alpha Cronbach) بەکارهێنراوە بۆ هەژمارکردنی جێگیری پێوانەکە .

2 ـ ناوەندی ژمێریاری (وسط الحسابی) (mean)

3 ـ لادانی پێوەری (الانحراف المعیاری) (Standard Deviation)

4 ـ ( t -test) بۆ شیکردنەوەی نمونەی سەربەخۆ

## بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

4 ـ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەستنیشانکردنی کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لە سنوری پەروەردەی دەشتی هەولێر، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بەووردی شرۆڤەی داتاکان و ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی یەکە دەکەین، دوای دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان و ئەنجامدانی کرداری و تۆمارکردنی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆڕمەکە، لەم بەشەی توێژینەوە توێژەر هەڵسا بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە لە ڕووی (بوارەکان، ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، شارەزایی ) بە دیاریکردنی (ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێورە و ڕێژەی لەگەڵ بوون بۆ برگەکان) .

4 ـ 1 خستنە ڕوو و شیکردنەوەی گریمانەی یەکەم (زانینی ئاستی کێشەکانی وانەگوتنەوە بە پێی بوراەکان) :

توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامەی کە بواری یەکەم خۆی دەبینێتەوە لە کێشەکانی پەیوەست بە وانەگووتنەوە بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون کە (64.82%) هەروەها ناوەندی ژمێرەی (3.24) بە پلەی یەکەم دێت لە کۆی گشتی هەر (6) بوارەکانی کێشەکانی وانەگووتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیاراندا، کە ناوەندی ژمێرەی هەموو بوارەکان (3.12) بوو هەروەها ڕێژەی لەگەڵ بوون (62.42%) بوو، بە گوێرەی ئەنجامی گریمانە ئامارییەکانی دەست توێژەر کەوتووە، کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایاندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دیاریکردنی کێشانی تایبەت بە بوارەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن  هەروەک لە خشتەی ژمارە (4 ـ 3) ئاماژەمان پێکردووە :

**خشتەی ژمارە (4 ـ 3) (زانینی ئاستی کێشەکانی وانەگووتنەوە بە پێی بوراەکان)**

| ژمارە | بوارەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی لەگەڵ بوون % |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کێشەکانی پەیوەست بە وانەگووتنەوە | 3.24 | 1.18 | %64.82 |
| 2 | کێشەکانی پەیوەست بە مامۆستا | 3.09 | 1.25 | %61.80 |
| 3 | کێشەکانی پەیوەست بە ئامرازەکانی فێرکردن | 3.05 | 1.25 | %61.04 |
| 4 | کێشەکانی پەیوەست بە پرۆگرام و کتێبی خوێندن | 3.17 | 1.19 | %63.42 |
| 5 | کێشەکانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندن | 3.00 | 1.11 | %59.97 |
| 6 | کێشەکانی پەیوەست بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی | 3.18 | 1.14 | %63.52 |
| | کۆی گشتی | 3.12 | 1.17 | %62.42 |

4 ـ 2: خستنەڕوو و شیکردنەوەی گریمانەی دووەم (جیاوازی بەهاداری ئاماری لە کێشەکانی وانەگوتنەوە لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە پێی جیاوازی ڕەگەز (نێر و مێ)  لە ئاستی (0.05) )، بۆ سەلماندنی ڕاستی  ئەم گریمانەیە توێژەر هەڵسا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆی یەکسان بۆ تەواوی مامۆستایان و سەر پەرشتیاران کە ژمارەیان (140) مامۆستا و سەرپەشتیارە بە جۆرێک (70) نێر و (70) مێ، بۆ دەرخستنی لادانی پێوانەیی و بەهای ئەگەری و ناوەندی ژمێرەیی.

بەم شێوەبوو ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی( نێر3.15) و ڕەگەزی(مێ 3.08) و لادانی پێوانەیی ڕەگەزی (نێر 0.54) و ڕەگەزی (مێ 0.59)، هەروەها بە های (t-test)  (0.743) هەروەهای ئەگەری (p-value) (0.459) کە گەورەترە لە(0.05) واتە جیاوازی ناکرێ لەوەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە پێی ڕەگەز،  بەپێی ئەنجامی گریمانەی دووەم تایبەت بە دیاریکردنی کێشەکانی وانەگوتنەوە بە جیاوازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگەزی (نێرو مێ) لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی، دەرکەوتووە جیاوازی لە بۆچوون نییە، و ڕادەی بۆچوون لێک نزیکە، واتە لە ڕوانگەی هەردوو ڕەگەز بۆچونیان لە ئاستێکی بەرزدایە .ئەمەش بەهاداری ئاماری نییە وەک لە خشتەی ژمارە (4 ـ 4) خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (4 ـ 4) خستنەڕووی ئەنجامی ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بەهای (t-test) و نرخی ئەگەری بۆ کێشەکانی وانەگووتنەوەی بابەتی مێژوو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە پێی جیاوازی ڕەگەز (نێر و مێ)

| | ڕەگەز | N | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | t-test | بەهای ئەگەری p-value | ئاستی کاریگەری(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کێشەکانی وانە ووتنەوەی بابەتی مێژوو /قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی | نێر | 70 | 3.15 | 0.54 | 0.743 | 0.459 | بەهادار نیە/ جیاوازی نیە نێوانانیان |
| | مێ | 70 | 3.08 | 0.59 | | | |

بەهاداری ئاماری نییە (0.459) چونکە Sig ≤ 0.05

4 ـ 3 خستنەڕوو و شیکردنەوەی گریمانەی سێ یەم (جیاوازی بەهاداری ئاماری لە کێشەکانی وانەگووتنەوە لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە پێی جیاوازی ساڵانی خزمەت (1-15) ساڵ خزمەت، (15) ساڵ بەسەرەوە خزمەت لە ئاستی (0.05) ) .

بۆ دڵنیا بوون لە ئەنجامی گریمانەی سێ یەم توێژەر هەڵسا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بۆ تەواوی مامۆستایان و سەر پەرشتیاران کە ژمارەیان (140) مامۆستا و سەرپەشتیارە بە جۆرێک (97) کەسیان ساڵانی خزمەتیان لە نێوان (1-15) هەروەها (43) کەس ساڵانی خزمەتیان لە (15) ساڵ بەسەرەوەیە، بۆ دەرخستنی لادانی پێوانەیی و بەهای ئەگەری و ناوەندی ژمێرەیی .

کە بەم شێوەبوو بۆئەوانەی خزمەتیان لە نێوان (1-15) ساڵە ناوەندی ژمێرەیی(3.15) ولادانی پێوانەیی (0.56)، ئەوانەی خزمەتیان لە (15) ساڵ بەسەرەوەیە ناوەندی ژمێرەیی (3.03) و لادانی پێوانەیی (0.58)، هەروەها بە های (t-test) (1.134) و بەهای ئەگەری (p-value) (0.259) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.05) واتە جیاوازی ناکرێ لەوەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە پێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازی ساڵانی خزمەتیان لە کێشەکانی وانەگووتنەوە، ئەمەش بەهاداری ئاماری نییە وەک لە خشتەی ژمارە (4 ـ 5) خراوەتە ڕوو ، بەپێی ئەنجامی گریمانەی سێیەم، کە تایبەتە بە (ساڵانی خزمەت)، دەرکەوتووە و جیاوازی ناکرێت لە وەڵامی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بەپێی ساڵانی خزمەتیان سەبارەت بە کێشەکانی وانەگوتنەوە، بە هۆی نەبوونی بەهاداری ئاماری .

خشتەی ژمارە (4ـ5) خستنەڕووی ئەنجامی ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بەهای

(t-test) و نرخی ئەگەری بۆ کێشەکانی وانەگووتنەوەی بابەتی مێژوو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە پێی جیاوازی ساڵانی خزمەت

| | ساڵانی خزمەت | N | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | t-test | بەهای ئەگەری p-value | ئاستی کاریگەری(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کێشەکانی وانە ووتنەوەی بابەتی مێژوو /قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی | 1-15 | 97 | 3.15 | 0.56 | 1.134 | 0.259 | بەهادار نیە/ جیاوازی نیە نێوانانیان |
| | >15 | 43 | 3.03 | 0.58 | | | |

بەهاداری ئاماری نییە (0.359) چونکە Sig ≤ 0.05

4 ـ 4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی گریمانەی چوارەم (جیاوازی بەهاداری ئاماری لە کێشەکانی وانەگوتنەوە لە دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە پێی جیاوازی پیشە (مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی) لە ئاستی (0.05) :

بۆ دڵنیا بوون لە ئەنجامی گریمانەی چوارەم توێژەر هەڵسا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بۆ تەواوی مامۆستایان و سەر پەرشتیاران کە ژمارەیان (140) مامۆستا و سەرپەشتیارە بە جۆرێک (137) مامۆستا و (3) سەرپەرشتیار، هەرچەند ژمارەکان نابەرامبەرن بەڵام بەهۆی سنورداری توێژینەوەکە کە تەنیا سەرپەرشتیارانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان مان وەرگرتووە لە کۆی (40) سەرپەرشتیاری سنوری پەروەردەی دەشتی هەولێر، بۆ دەرخستنی لادانی پێوانەیی و بەهای ئەگەری و ناوەندی ژمێرەیی .

کە بەم شێوەیە بوو، ناوەندی ژمێرەیی مامۆستایان (3.12) ولادانی پێوانەیی (0.56)، ناوەندی ژمێرەیی سەرپەرشتیاران (2.90) و لادانی پێوانەیی (1.08)، هەروەها بە های (t-test) (0.645) و بەهای ئەگەری (p-value) (0.520) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.05) واتە جیاوازی ناکرێ لەوەڵامی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە پێی جیاوازی پیشە لە کێشەکانی وانەگووتنەوە، ئەمەش بەهاداری ئاماری نییە وەک لە خشتەی ژمارە(4 ـ 6)خراوەتە ڕوو ، ئەنجامی گریمانەی چوارەم بەپێی (پیشە )، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی لە وەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران ناکرێت لە ڕووی پیشەوە بۆ کێشەکانی وانەگوتنەوە و بەهاداری ئاماری نییە .

خشتەی ژمارە (4 ـ 6) خستنەڕووی ئەنجامی ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بەهای (t-test) و نرخی ئەگەری بۆ کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە پێی جیاوزی پیشە (مامۆستا و سەرپەرشتیار )

| | پیشە | N | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | t-test | بەهای ئەگەری p-value | ئاستی کاریگەری(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کێشەکانی وانە ووتنەوەی بابەتی مێژوو /قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی | مامۆستا | 137 | 3.12 | 0.56 | 0.645 | 0.520 | بەهادار نیە/ جیاوازی نیە نێوانانیان |
| | سەرپەرشتیار | 3 | 2.90 | 1.08 | | | |

بەهادار نیە (0.520) چونکە $Sig \leq 0.05$

## بەشی پێنجەم، دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە

### 1.5، دەرئەنجامی توێژینەوەکە،

لە دوای ئەنجامدانی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتاکان، وە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە،

1 ـ بە گوێرەی ئەنجامی گریمانە ئامارییەکانی دەست توێژەر کەوتووە کێشەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایاندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دیاریکردنی کێشەکانتایبەت بە بوارەکان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

2 ـ بەپێی ئەنجامی گریمانەی دووەم تایبەت بە دیاریکردنی کێشەکانی وانەگوتنەوە بە جیاوازی ڕەگەزی (نێرو مێ) لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی دەرکەوتووە، جیاوازی لە بۆچوون نیە، وە ڕادەی بۆچوون لێک نزیکە واتە لە ڕوانگەی هەردوو ڕەگەز بۆچوونیان لە ئاستێکی بەرزدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3ـ بەپێی ئەنجامی گریمانەی سێیەم کە تایبەتە بە (ساڵانی خزمەت) دەرکەوتووە، کە جیاوازی ناکرێت لە وەڵامی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بە پێی ساڵانی خزمەتیان سەبارەت بە کێشەکانی وانەگوتنەوە بە هۆی نەبوونی بەهاداری ئاماری

4ـ دەرئەنجامی گریمانەی چوارەم بە پێی (پیشە)دەردەکەوێت کە جیاوازی لە وەلامی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران ناکرێت ڕووی پیشەوە بۆ کێشەکانی وانەگوتنەوە بەهاداری ئاماری نیە.

5ـ 2 ڕاسپاردەکان :

1ـ کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پیشەیی و فێرکاری درێژخایەن و بەردەوام و کاریگەر بۆ سەرجەم مامۆستایان بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاران تایبەت بە کێشەکانی وانەگوتنەوە لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە .

2ـ دابینکردنی مامۆستای پێویست و زیاتر بۆ قوتابخانەکان بە پێی پسپۆڕی بابەتەکان بە جۆرێک تواناو لێهاتووییان لە ئاستی بابەتەکە بێت .

3ـ کارکردن لەسەر پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە ڕووی قورسی و زۆری بابەتەکان و بە جۆرێک بگونجێت لەگەل ئاستی تەمەنی قوتابی و جیاوازی تاکایەتی و بارودۆخی ژیان.

4ـ داواکردن لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و زانستی و مامۆستایانی بابەتی مێژوو بە هاندانیان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی گونجاو بۆ وانەگوتنەوە کە قوتابی تێیدا تەوەری سەرەکی وانەکە بێت بە یارمەتی مامۆستا .

5ـ گرنگیدان بە کتێبخانەی قوتابخانە و سوود وەرگرتن و ئاشناکردنی مامۆستایان و قوتابیان بە کتێبی مێژویی نوێ و هاوچەرخ .

5ـ 3 پێشنیارەکان :

1ـ دامەزراندنی مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی چالاک و بە گروتین، دانانیان بە پێی پسپۆڕی و شیاوی لە شوێنی خۆیان ، وەزیادکردنی سەرپەرشتیارانی بەتوانا بۆ پەرەدان بە شێوازی وانەگوتنەوەی سەرکەوتوولەلایەن مامۆستایان لە بابەتەپەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا .

2ـ دەکرێت مامۆستا لە جیاتی سزادانی قوتابی لە کاتی وانەگوتنەوە پەنابباتە بەر بێ بەشکردنیان لە چالاکی و خۆشیەکان بۆ دوور کەوتنەوە لە کێشەکانی ناو پۆل .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3 ـ ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم شێوەیە بۆ کێشەکانی تری تایبەت بە (قوتابخانەو سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو مامۆستاو قوتابی)، لە قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندن بە پێوەری جیاواز .
4 ـ ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردی نێوان جیاوازی ڕۆڵی مامۆستاو سەرپەرشتیاران لە قوتابخانە تایبەتی و حکومییەکان لە دیاریکردنی کێشەکان .

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی کوردی :

1 ـ عەبدولڕەحمان، ڕازاو محیەدیین (2014)، بەکارهێنانی ستراتیژیەتی دۆزینەوەی ئاراستەکراو لە گوتنەوەی خوێندنەوەداو کاریگەری لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتن لە خوێندنەوەداو ئاراستەکردن بەرەو خوێندنەوە لە زمانی کوردییدا ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.
2 ـ حمد، ڤیان محمود (2021)، کاریگەری وانەوتنەوە بەبەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر)، لە دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا لە لایەن قوتابیانی کچ و گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.
3 ـ سعید ، ژیان اسماعیل (2022)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی لە بەدەستهێنانی مەعریفی و گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو ،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر .
4 ـ حاجی سەلام، عوسمان (2015)، چۆن دەبیت بە مامۆستای سەرکەوتوو،چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات ـ هەولێر.
5 ـ حەسەن، عبدالله (2013)، بنەماکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چ1، چاپخانەی گەنج ـ سلێمانی.
6 ـ خالد، طارق خالد نانەکەلی (2010)، بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر.
7 ـ رسول، ابراهیم رسول (2017)، پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چ1، چاپخانەی نارین ـ هەولێر.
8 ـ عزیز، عزالدین احمد (2018)، دەروازەیەک بۆ دەروونزانی پەروەردەیی، چ1، چاپخانەی هێڤی ـ هەولێر.
9 ـ عومەر، عبدولڕەحمان عومەر (2019)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چ1، چاپخانەی کارۆ ـ سلێمانی.
10 ـ قادر، ڕەمەزان، حەمەدەمین (2014)، ڕێگاو شێوازە " تیۆری و پراکتیکییەکانی وانەوتنەوە، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر.
11 ـ قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (2018)، ڕێگاکانی وانەوتنەوە (( شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان ))، چ2، چاپخانەی سۆفیا ـ کۆیە.

12 ـ قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2018)، پێوانەو هەڵسەنگاندن (( لە بواری پەروەردەو دەروونزانی ))، چاپخانەی زبانی صلح، تەهران ـ ئێران.
13 ـ لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی (2007)، پێشنیارو ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر.
14 ـ محمد، محمد أحمد (2021)، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لەسەردەمی توکنەلۆژیادا، چ1، چاپخانەی ماڵی راستی ـ هەولێر.
15 ـ مستەفا، فەرهاد علی (2019)، 101 تەکنیکی ڕاهێنان و وانەوتنەوە، چ2، سمارت گاید ـ تورکیا.
16 ـ یەحیا، شنۆ شوارێ (2013)، لە پەراوێزەکانی پەروەردەو فێرکردنەوە، چ1 چاپخانەی موکریانی ـ هەولێر.
17ـ ئارام ، صباح (2014) ، جیهانی پەروەردە ، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و تەکنەلۆژیای فیرکردن ، چ1، چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر .
دووەم: بە زمانی عەرەبی :
18 ـ القرني، موسى عبدالمعين محمد (2014 )، أثر استخدام إستراتيجية التعلم المتمايز على التحصيل الدراسي في مقرر لغتي لدى تلاميذ الف الخامس الأبتدائي، كلية التربية، جامعة الملك خالد ـ السعودية.
19 ـ حسن، محمد ابراهيم طاهر (1987)، مشكلات تدريس مادة الجغرافية في المرحلة الدراسة المتوسطة من وجهة نظر مدريسها وحلولهم المقترحة لها، كلية التربية، جامعة البغداد.
20 ـ حمان، مولود (2019)، صعوبات تدريس مادة الفيزياء في المرحلة الثانوية من وجهة نظر أساتذة المادة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة د.مولاي الطاهر ـ سعيدة.
21 ـ المسعودي ، محمد حمزة عبد الكاظم (2005) ، الصعوبات التي تواجه الطلبة في دراسة مادة التأريخ القديم في كليات التربية ومقترحات علاجها ، كلية التربية ، جامعة المستنصرية .
22 ـ أبراهيم، فاضل خليل (2010)، المدخل إلى طرائق التدريس العامة، دار ابن الاثير، جامعة الموصل ـ العراق.
23 ـ الربيعي، محمود داود واخرون (2010)، الاتجاهات الحديثة في تدريس التربية الرياضة، ط1، مطبعة منارة ـ أربيل.
24 ـ النجار، عبدالجبار شوكة (1955)، أصول تدريس التاريخ، مطبعة المفيد وزارة المعارف.
25 ـ حمادنه، برهان محمود (2014)، التفكير الابداعي، ط1، جدار للكتاب العالمى، عمان ـ الاردن.
26 ـ سبيتان، فتحي ذياب (2010)، ضعف التحصيل الطلابي المدرسي الرياضيات ـ والعلوم العامة " الأسباب والحلول "، دار الجنادرية، عمان.ـ الأردن.
27 ـ صبري، عزام و محمود غانم و واخرون (2001)، الإحصاء في التربية، ط1، دار الصفاء ـ عمان.

28 ـ علي، سر الختم عثمان (1992)، أصول تدريس التاريخ، دار الشواف ـ القاهرة.

29 ـ محمد، شاكر جاسم (2016)، المواد الاجتماعية مناهجها وطرائق وأساليب تدريسها، ط1، دار الصادق الثقافية، كلية التربية للبنات ـ جامعة بغداد.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

30 - Coopers , Kathryn (2003) problem and proyress the challenge of teaching alive amarecan historical.love from college Manchester.

31- Roher, Doug. and Taylor, Kelli. (2006) the Effects of over learning and ، Distributed practice on the retention of mathematics Knowledge, Applied cognitive psychology , 20, 1209 – 1224. Univershty of south Florido.

**چوارەم: گۆڤار**

32 ـ عارف، کارزان محمد، ئازاد، کوردستان محمد (2018)، هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەوە، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ـ زانکۆی سلێمانی، گۆڤاری توێژەر / بەرگی 1 / ژمارە 2 / پاییزی 2018 .

## مشكلات التدريس لمادة التأريخ في المرحلة التاسع الأساسية من وجهة النظر المشرفين و المعلمين

### ملخص

هدفت هذه الدراسة هو التعرف على مشاكل تدريس مادة التاريخ من وجهة نظر المشرفين والمعلمين. استخدم الباحث المنهج الوصفي (التحليلي) لتحقيق أهداف الدراسة، يتكون مجتمع الدراسة من معلمي و معلمات ومشرفي العلوم الاجتماعية في المدارس الأساسية في التربية سهل أربيل ، البالغ اعدادهم (590) معلما و(40) مشرفا. لقد قام الباحثة (140) معلماً ومعلمة في تدريس مادة العلوم الاجتماعية باختيارهم عشوائياً، حيث كانت عينة المشرفين محدد بمادة العلوم الاجتماعية لمادة التأريخ تحديدا (3) مشرفين، ثم قام الباحث بتنفيذ الإجراء وتوزيع أداة البحث وهي، استمارة الاستبانة على المعلمين والمشرفين. باستخدام مقياس (ليكارت) الخامس المنظم، المكونة من (6) مجالات تتعلق بالمشكلات التدريسية ذات الصلة بـ(طرق التدريس، الوسائل التعليمية، المعلمين، المناهج والكتب المدرسية، التقويم، المشرف التربوي) والتي اشتملت على (60) فقرة. وبعد ذلك تم جمع البيانات والمعلومات وإدخالها ووضعها تحت الحل باستخدام البرنامج الإحصائي SPSS لأخراج ثبات الفقرات، توصل البحث أخيراً إلى بعض الاستنتاجات منها معرفة مستوى مشاكل التدريس حسب المجالات. نسبة التوافق 62.42٪ ومستوى المشكلات التدريسية حسب كل فروق (المجال والجنس وسنوات الخبرة والمهنة) من كل منهم أنه لا يوجد فروق ولا يوجد أي من هذه المتغيرات ذات دلالة إلأحصائية لأن النتيجة كل منها أكبر من مستوى الدلالة (0.05).

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Problems of Teaching History from The Perspective of Supervisors and Teachers

**Begard Ali Sadiq**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Begarda991@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Bakhtear Saeed Mahmood**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
bakhtear.mahmood@su.edu.krd

***Keywords***: *Problems, Teaching, Educational Supervisor, Teacher, Social Sciences, History, Teaching Aids.*

## Abstract

This study aimed to identify the problems of teaching history from the point of view of supervisors and teachers. The researcher used the descriptive (analytical) approach to achieve the objectives of the study. The study population consists of male and female teachers and supervisors of social sciences in the basic schools of education in the Erbil plain, whose numbers are (590) teachers and (40) supervisors. The researcher chose (140) male and female teachers in the teaching of social sciences at random, where the sample of supervisors was limited to the social sciences subject for the subject of history in particular (3) supervisors, then the researcher implemented the procedure and distributed the research tool, which is a questionnaire to teachers and supervisors. Using the fifth (Likart) organized scale, which consisted of (6) domains related to teaching problems related to (teaching methods, teaching aids, teachers, curricula and textbooks, evaluation, educational supervisor), which included (60) items. After that, the data and information were collected, entered and put under the solution using the SPSS statistical program to extract the stability of the paragraphs. The research finally reached some conclusions, including knowing the level of teaching problems by fields. The agreement

percentage is 62.42% and the level of teaching problems according to all the differences (domain, gender, years of experience and profession) from each of them that there are no differences and none of these variables are statistically significant because the result of each of them is greater than the significance level (0.05).